رژیمی ئێران سزای لەسێدارەدانی بەسەر کوردێکی ڕۆژهەڵاتی کوردستان جێبەجێکرد



رژیمی ئێران سزای لەسێدارەدانی بەسەر کوردێکی ڕۆژهەڵاتی کوردستان جێبەجێکرد، کە پێشتر دوو برای تری لە لەسێدارە درابوون.

تۆڕی مافی مرۆڤی کوردستان ڕایگەیاند، "دەسەڵاتی دادوەری ئێران سزای لەسێدارەدانی بەسەر هاوڵاتییەکی خەڵکی شاری بۆکاندا لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان جێبەجێ کرد، کە پێشتر دوو برای بە هۆکاری سیاسیەوە لەسێدارە دراون، هاوکات هەمان سزایان بەسەر هاوڵاتییەکی دیکەی کوردی یارسان (کاکەیی)دا سەپاند".

کەمالی مافی مرۆڤی کوردستان ڕایگەیاندووە، کە ڕۆژی پێنجشەممەی ڕابردوو "حوسێن مەحەممەدی" تەمەن 52 ساڵ، دوای 15 ساڵ زیندانیکردنی لە لایەن دەسەڵاتی دادوەری ئێرانەوە سزای لەسێدارەدانی بەسەردا جێبەجێ کرا.

بە گوتەی تۆڕەکە، ئەو هاوڵاتییە کورد کە خەڵکی گوندی "تیکان تەپە"ی سەر بە شاری "بۆکان"ـە لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان، خەزاندار و خاوەنی دوو منداڵە، پێشتر لە شاری "ڕەشت"ی باکووری ئێران دەستبەسەرکراوە و لە لایەن دەسەڵاتی دادوەری ئەو شارەوە بە تەمەتی هەڵبەستراوی "تۆوگلان لە بازرگانی ماددەی هۆشبەر"دا سزای لەسێدارەدانی بەسەردا سەپێندرابوو.

ئاماژەیان بۆشکردووە، کە حوسێن مەحەممەدی پێشتر دوو برای بە ناوەکانی "حەسەن و ئیسماعیل مەحەممەدی" بە تەمەتی سیاسی لێلایەن رژێمی ئێرانەوە لێسدارە درابوون.